TARAWGA

تاراوگه

TARAWGA

# KURDISH DIASPORA

تاراوگه بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

**10 Maart . 2019 No. [35]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

بەڵگەکانی دەوڵەتی عوسمانی خۆیان دەدوێن، بەڵێ لە تورکیا سەرزەمینێک هەیە بە ناوی کوردستان- بەکر شوانی

ڕۆڵی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لێکدانەوەی مێژووی کورددا..! نوسینی: دکتۆر جەبار قادر- بەشی دووەم .. ل 2 ، ل 3

شاماران: ئەفسانە و داستان و نەزیلە و چیرۆکی گوێ ئاگردان و پاڵەوانانامە،مێژووی پێناسەی کولتوریی نەتەوە دێرینەکان لە نیشتمان و کۆنەواری خۆیاندا.. م.ئارام – ل 4

لەوەتە کورد بووە بە پێشەنگی ژنکوژی، میدیای کوردی ڕۆڵێکی خراپتریان لەوانەی ڕابردوویان گێڕاوە...! نوسینی کازیوە ساڵح.... ل 5 و 6

هونەرمەندی شێوەکاری کورد
بژار جەلال حەمدی....ل8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت


10 Maart 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 35
10 مارتی 2019

# بەڵگەکانی دەوڵەتی عوسمانی خۆیان دەدوێن...
# بەڵێ لە تورکیا سەرزەمینێک هەیە بە ناوی کوردستان



بەکر شوانی*

سەرۆک کۆماری تورکیا لە مرۆژانەدا، لە یەکێک لە لێدوانە زۆر و بۆرەکانیدا گوتی: گوایە لە تورکیا شتێک نییە بە ناوی کوردستان. بێگومان ئەمە بەلارێدابردنێکی ڕوون و ئاشکرای مێژووە و سەرانی دەوڵەتی تورک خۆیانیش ئەو ڕاستییە باش دەزانن، چونکە ناوی کوردستان لە سەدان بەڵگەنامەی مێژوویی سەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا هاتووە و ئەو بەڵگەنامانە هەموویان لە ئەرشیڤی دەوڵەتدا پارێزراون. من لەم پۆستەدا ئاماژە بۆ نموونەیەک و لە پۆستێکی تریشدا سەرنجتان بۆ سەر نموونەیەکی تر ڕادەکێشم. کۆتایی ساڵی ٢٠١١ پاش ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و فەرەنسا بەهۆی دەنگدانی پەرلەمانی فەرەنساوە لەسەر پرۆژە یاسای سزادانی ئەوانەی کە نکۆڵی لە "بەکۆمەڵ کوشتن"ی ئەرمەنییەکان دەکەن، ئەنقەرە کاردانەوەی توندی لە بەرامبەر پاریس نواند و ئەردۆگان کە ئەو دەمە سەرۆک وەزیران بوو، فەرەنسای بەوە تاوانبار کرد کە لە سەردەمی داگیرکردنی جەزایەردا "جینۆساید"ی لە دژی خەڵکی ئەو وڵاتە ئەنجام داوە. بەڵام سەرنجڕاکێشترین کاردانەوەی ئەردۆگان گەڕانەوە بوو بۆ نامەیەکی سوڵتان سلێمانی قانوونی کە لە سەدەی شازدەدا بۆ دایکی فرانسوای یەکەمی پاشای ئەو سەردەمەی فەرەنسای ناردووە و وشەی "کوردستان"ی تێدا بەکارهێناوە. ئەردۆگان لە بەرامبەر هەواڵنێراندا ڕایگەیاند کە چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆپیی هەمان نامەی بۆ سەرۆکی ئەو سەردەمەی فەرەنسا نیکۆلای سارکۆزی ناردووە و پاشان دەستی کرد بە خوێندنەوەی دەقی نامەکە و بەسەر ناوی "کوردستان"دا بازی نەدا و خوێندییەوە (بڕوانە وێنەکان). ئەوە لە سەردەمێکدا بوو کە ئەردۆگان هیوای وابوو، مەرجەکانی خۆی بەسەر کورددا بسەپێنێت و دەیویست وەک سوڵتانەکانی عوسمانی سوود لە هێزی کورد وەربگرێت بۆ پێکهێنانی سیاسەت و مەرامە زۆر و زەوەندەکانی خۆی. ئاخر سوڵتانەکانی عوسمانی کاتی خۆی زۆر جاران ناوی کوردستانیان لای ئەوروپییەکان بەکارهێناوە. هۆکاریش ئەوە بووە کە کوردستان و گەلی کورد هێزێکی زۆر





ناوی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا

بوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە لە کاتی خۆناساندن بە جیهاندا ناوی کوردستانیشیان هێناوە و وەک سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندی شانازییان پێوە کردووە. تەنانەت لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاشدا ناوی کوردستان بەکاردەهات، بەڵام دواتر لە بیر کرا، بگرە قەدەغەش کرا.

چیرۆکی نامەکەی سوڵتان سلێمانی قانوونی بۆ پاشای فەرەنسا:

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی فەرەنسا و تورکیا، ڕۆژی٢٥/٢/١٥٢٥ لە شەڕی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسای ئەو سەردەمەدا فرانسوای یەکەمی پاشای فەرەنسا بە دیلی دەکەوێتە دەست شارلکەنی پاشای ئەڵمانیا. شاژن دانگۆلەنی دایکی شا فرانسوا نامەیەک بۆ سوڵتان سلێمان قانوونی سوڵتانی عوسمانی دەنێرێت و تیایدا دەنووسێت: "تا ئێستا مەسەلەی ڕزگاربوونی کوڕەکەم بۆ ویژدانی شارلکەن هێشتبووەوە، بەڵام ئەو سووکایەتی بە کوڕەکەم دەکات. ئێوە کە دەسەڵاتتان بەسەر هەموو جیهانەوە هەیە، تکام وایە بە گەورەیی و شکۆی لە جیهاندا زانراوتان ڕزگارکردنی کوڕەکەم مسۆگەر بکەن." سوڵتان سلێمانی قانوونیش بە نامەیەک وەڵامی شاژنی فەرەنسا دەداتەوە، کە پێشەکییەکەی بەمجۆرە دەست پێ دەکات: "من سوڵتان سلێمانی کوڕی سوڵتان سەلیمی کوڕی سوڵتان بایەزیدم و پادشا و سوڵتانی دەریای سپی، دەریای ڕەش، ڕۆمەلی، ئەنادۆڵ، قارەمان، ڕۆم، ویلایەتی زولقەدر، دیاربەکر، کوردستان، عەجەم، شام، حەلەب، میسر...هتد"م. نامەکەی سوڵتان سلێمان قانوونی بۆ شاژنی فەرەنسا یەکێک لە پاشماوە مێژووییە پڕ بەهاکانی ئەرشیڤی دەوڵەتی عوسمانییە و لەپاڵ چەندین ملیۆن بەڵگەنامەی تردا لە ئەرشیڤی دەوڵەتی تورکیادا پارێزراوە.

*بەکالۆریۆسی ڕۆژهەڵاتناسی-بازنەی تورکیاناسی، زانکۆی بۆن، ٢٠١٦

* بەکالۆریۆسی زانستی نەوت و کانەکان، زانکۆی بەغدا، ١٩٩١

# پاشماوەی ژمارە 33 دکتۆر کەمال مەزهەر و مێژووی کورد

## دکتۆر جەبار قادر

لەو ساڵانەدا دکتۆر کەمال مەزهەر کۆمەڵێ باسی وەکو ( ئوکتۆبەر ومەسەلەی کورد ) ، (سەرنجێکی نوێ بەرامبەر پەیمانی سێڤر ومسەلەی کورد ) ، (کام رێگە؟)، (کوردستان وڵاتی راپەرین وئەفسانە وهیوا ) و (کورد وکوردستان لە ئێنسکلۆپیدیای مێژوویی سۆڤیەتیدا) بڵاوکردەوە. لە تەک ئەو بابەتانەدا بایەخی زۆری دەدا بەو بەرهەمە زانستی وکتێبانە کە لە سەر کورد بە زمانی بیانی بڵاودەکرانەوە. بەو کتێبانەدا دەچووەوە ورەخنەی زانستی لە سەریان تۆمار دەکرد ، وەکو کتێبەکانی لازەرێف وئیگلتن وجەلیلێ جەلیل وگەلێکی تر. ئەو گوتار و باسانەی لەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەدا بڵاودەکردەوە، کە ئەو دەمە دەردەچوون وەکو (برایەتی) و (ڕۆژی کوردستان)، (بەیان)، (التاخی) و (هاوکاری). ژمارەکانی گۆڤاری (کۆری زانیاری کورد)یش بە بەردەوامی بێ لێکۆڵینەوەی ئەو نەبوون لە مەر مێژووی کورد وکوردستان . هەندێ لەم باس وتوێژینەوانە دوایی وەکو بەشێک لە کتێبی (چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد) وهەندێکی دیشیان لە کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا) (تێگەیشتنی ڕاستی) دا بڵاوکرانەوە. لای هەمووان ئاشکرایە کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە کوردستان بێ شەر وشور بوو بزاڤی کولتوری وچاپەمەنی لە گەشەکردندا ودکتۆر کەمالیش یەکێ لە نێوە هەرە دیارەکانی ئەو ساڵانە بوو. لە ساڵی 1973 کێشەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد ورەهەند وخەسڵەتە سەرەکیەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی خستە بەردەم دوو کۆنگرەی مێژوویی نێونەتەوەیی ، یەکەمیان لە بەغدا لە رۆژانی 25 –30 مارت وئەوی تریان لە پاریس لە رۆژانی 16 – 22 تەمموزی 1973 بەستران . هەوڵ وشوێن پەنجەی لە سەر بریارەکانی ئەو کۆنگرانە لە بارەی کوردەوە بەباشی دیار بوون (8). هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەر لە کوردستان لە بەهاری 1974 ئەو بریارانە ودەیان بریار وپلان وبگرە سەرجەم چارەنووسی گەلی کوردی بەلایەکی تردا برد. دکتۆر کەمالیش وەکو کوردپەروەرێکی راستەقینە دەبوایە هەر لەو سەنگەرەدا بوایە کە هەڵیبژارد. لە چیاکانی کوردستان بۆ زیاتر لە ساڵێک لە دەزگاکانی راگەیاندنی شۆرشدا بەرپرسیارێتی گرنگی هەبوو وچالاکانە کاری دەکرد. وەکو زانایەک کە گرنگیی بەڵگە ودەکومێنتی دەزانی هەوڵی رزگارکردنی گەلێ بەڵگەی شۆرشی لە فەوتاندا کاتێ رەوانەی بەیروتی کردن. مخابن وادەزانم لە ئاگری شەری نێوخۆی لوبناندا تێدا چوون. دوای شکستی شۆرش دکتۆر کەمال گەرایەوە سەر کارەکەی خۆی لە زانکۆی بەغدا بەڵام رێگەی کۆری زانیاری کوردی لێ گیرا. لەو کاتەوە بریاریدا لە سیاسەتی رۆژانە خۆی بە دوور بگرێ ولە رێگەی پیشەکەی خۆیەوە وتوێژینەوەی زانستییەوە خزمەتی گەلەکەی بکات. لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا لەم رێگەیە لای نەداوە وشەوی خستۆتە سەر رۆژ بۆ لێکدانەوەی مێژووی کورد وکوردستان وروونکردنەوەی کونجە تاریکەکانی. هەر لە ساڵی گەڕانەوەیدا بۆ بەغدا یەکێ لە بەرهەمە هەرە دیارەکانی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) بڵاوکردەوە (9). ئەم بەرهەمەی دکتۆر کەمال مەزهەر پێشوازی زۆری لێ کرا. بۆ یەکەمین جار بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەو جۆرە لە مەر سەردەمێکی مێژوویی گەلێ ئاڵۆزی کوردستان لە لایەن پسپۆرێکی کوردەوە ئامادەکرا وبڵاوکرایەوە . تەنانەت ئەوانەی دژی وشەی کوردستان بوون وپێچەوانەی بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال بیریان دەکردەوە ناچار بوون دان بەوەدا بنێن کە کارەکەی کارێکی زانستی گرنگە دەربارەی بابەتێکی نوێ کە مێژوونووسان لە سەر ڕانەوەستاون. یەکێ لەو بابەتانەی دکتۆر کەمال بە بەوێژدانی زاناوە لەو کتێبەیدا باسی لێوە کردووە ئەوەیە کە (هەندێ) ئاغا ودەرەبەگی کورد (لە ئاڵای حەمیدیە) دەستیان بە خوێنی ئەرمەنەکان سوور بووە . لە تەک ئەوەدا دەیان بەڵگە ونمونەی هێناوەتەوە کە چۆن کورد بە هەزارەها ئەرمەنیان لە مردن رزگارکردووە. دوای زیاتر لە سی ساڵ بە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەدا هێشتا هەندێ کەسانی بێ ئاگا لە مێژووی کورد ئەو هەڵوێستەی دکتۆر کەمالیان بۆ قوت نادرێ. سەیرەکە لەوەدایە ئەمانە ئاگاداری تاوانەکانی جاش وخۆفرۆشانی کوردن لە دژی گەلەکەیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی لە باشوری کوردستان لە سەردەمی ئەنفال وهەموو ئەو کارەساتانەی بەعس بەسەر کورددیدا هێنا. جاشگەلێک بتوانن لە کۆتایی سەدەی بیستەمیندا ئەو هەموو تاوانکارییە بەرامبەر هاوخوێن و هاونیشتمان و هاوزمانی خۆیان لە پێناوی چەند دینارێکدا بکەن، بۆ دەبێ بەلامانەوە سەیربێ ئەو تاوانانە لە دژی کەسانێ بکەن کە هاوئاین وهاوخوێن وهاوزمانیان نین، با باسی بریق وباقی لیرەی زێرینی مەجیدی و ڕەشادیشی لەولاوە بوەستێ.



جاشەکانی ئاڵای حەمیدیە وەکو جاشەکانی سەلاحەدین و سوکە و پاسەوانانی گوند و پیشمەرگەهای ئیسلام...تاد بەشێکن لە هێزی چەکداری دەوڵەتانی داگیرکەر و دامودەزگاکانیان و هەرچیان کردووە و دەیکەن بە پلان و فەرمانی ئەو دەوڵەتانە کردوویانە و دەیکەن. ئەوانەی لەم بارەویەوە رەخنە لە دکتۆر کەمال دەگرن نەهاتوون لە بەر رۆشنایی بەڵگە وسەرچاوەی مێژوویی وبە میتۆدی زانستیی لە لێکدانەوەکانی ئەو بکۆڵنەوەو وبۆچوونی نوێمان پێشکەش بکەن . بۆ نموونە مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ بۆچی دکتۆر کەمال جێگەی زۆری بۆ هێرش وکوشتاری چەکدارە ئەرمەنەکان لە دژی کورد وموسوڵمانانی دی تەرخان نەکردووە . ئەو چەکدارانە کە لە پێشەوەی سوپای رووسیاوە هێرشیان دەهێنایە سەر دەڤەرە کوردییەکان تاوانی گەورە وترسناکیان لە دژی موسوڵمانانی ئەو ناوچانە ئەنجام دەدا. هەروەها مرۆڤ دەتوانێ رەخنەی ئەوە لە دکتۆر کەمال بگرێ کە متمانەی زۆری بە سەرچاوە ئەرمەنیەکان کردووە. دکتۆر کەمال لە وەڵامی هەندێ لەوانەی لە کاتی خۆیدا لە بارەی کوشتاری ئەرمەنەوە رەخنەیان لێگرتبوو دەڵێ (تەقەللایەکی زۆرم دا بۆ ئەوەی چەند بتوانم هێند وەک بێ لایەنێک ئەو داستانە یەکالا بکەمەوە، ئەو کارەی وابزانم، گەیاندمییە چەند ئەنجامێکی دروست:

1.بەداخەوە بەشێک لە کورد،نەک گەلی کورد، تێکەڵ بە کوشتاری ئەرمەن بوون ، دەستیان بە خوێنی منداڵ وئافرەتی بێ تاوانی ئەرمەن رەش بوو. 2. کوشتاری ئەرمەن ئەنجامی هەستی ئاینی کوێرانەی کورد نەبوو، بەڵکو بەرهەمی پیلانێکی رێکخراوی تاقمێک فەرمانرەوای شۆڤێنی عوسمانی بوو کە توانیان بەشێک لە کورد بکەنە یەکێک، بەڵێ تەنها یەکێک لە داردەستە نەزانەکانیان. 3. زوربەی گەلی کورد بێلایەن وەستان، بەڵام زۆریشیان دەستی یاریدەی برایانەیان بۆ لێقەوماوانی ئەرمەن درێژ کرد. ئەم ئەنجامانەم بە پشتیوانی گەلێک بەڵگە و سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن و دەگمەن ڕوونکردەوە کە پێموایە پاکانەیەکی زانستییە بۆ ئەو لەکەیەی مێژووی نوێی کورد) (10).

کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) کرا بە عەرەبی وتورکی وئینگلیزی وئەو بەشەی لە سەر کوشتاری ئەرمەن بوو کراوە بە فەرەنسی وئەرمەنیش. ساڵانی دوای 1975 دکتۆر کەمال مەزهەر هەموو کاتی خۆی بۆ وانەگوتنەوە و توێژینەوەی زانستی تەرخان کرد.

بڕوانە ل 3

# پێموایە نابێتە زێدەڕۆیی گەر بڵێم ئەو بەرهەمانەی دکتۆر کەمال دەروازەیەکیان لە بەردەم ڕۆشنبیرانی کورد دا کردەوە


تەندروستی خۆی لەو ڕێگەیەدا لە دەستدا، هەرچەندە کۆمەڵێ بەرهەمی نایاب و گرنگی بڵاوکردەوە. یەکێ لەو بەرهەمانە کتێبی (تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا) بوو، کە لە ساڵی 1978دا لە بەغدا بە چاپی گەیاند(11). ئەم کتێبەی دکتۆر کەمال بەرهەمی کارێکی پر لە زەحمەتی بوو. ئەو ناچار بوو هەموو ژمارەکانی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) بە دەستی خۆی بنووسێتەوە چونکە دەرفەتی کۆپی کردن لە کتێبخانەکانی عیراقدا لە ئارادا نەبوو . لە تەک باسی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) ونێوەرۆک وبابەتەکانی، دکتۆر کەمال دوو پاشکۆی لە مەر ناو وشوێن وکاتی دەرچوونی رۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان لە دووتوێ ئەم کتێبەدا بڵاوکردۆتەوە . ئەم پاشکۆیانە بۆ خۆیان بیبلیۆگرافیایەک بوون بۆ رۆژنامەگەریی کوردی. (تێگەیشتنی ڕاستی) بوو، بە یەکێ لە سەرچاوە گرنگەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی. دکتۆر کەمال مەزهەر وەکو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز لە بەرهەمەکانی خۆیدا شوێنێکی تایبەتی بۆ ژنانی کورد تەرخان کردووە وکۆمەڵی وتاری بەپێزی لە سەر ژنانی پێشەنگ لە بواری خوێندن وفێرکردن وخەباتی ژنان وکۆمەڵایەتی وهاوسەرانی نووسەران ورۆشنبیران نووسیوە. کتێبی (ئافرەت لە مێژوودا)ی پێشکەش کردووە بە (ئافرەتی سەربەرزی کورد، بەو دایک وخوشک وکیژە دڵسۆزانەی سەرمان پێیان گەیشتۆتە کەشکەڵانی فەلەک) (12). وەکو کەسێک کە ژیانی بۆ لێکدانەوەی مێژووی کورد تەرخان کردووە ئەو راستیە باش دەزانێ کە مێژوونووسان تەنها بایەخیان بە مێژووی سیاسی کورد داوە ومێژووی کۆمەڵایەتی، کولتوری وشارستانی وئابوری ئەم گەلە لای کەمی لێ کراوەتەوە. لێرەوەیە گرنگیدانی ئەو بە مێژووی خوێندن وفێرکردن وژیانی پارتایەتی و ڕێکخراوەیی لە کوردستان ورۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا وباس وخواسی چینی کرێکار ودەرەبەگ ودەرەبەگایەتی لە عیراق وکوردستان (13). تەرخان کردنی زوربەی کات بۆ لێکدانەوەی مێژووی کورد رێگەی ئەوەی لە دکتۆر کەمال نەگرت لە مەر پرسە مێژووییەکانی عیراق ورۆژهەڵات وجیهان بەرهەمی زانستی بڵاو بکاتەوە. یەکێ لەو بەرهەمانەی کە بە زمانی عەرەبی بوو وبۆ پرسە مێژووییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست تەرخانی کردبوو بەم ناونیشانە بوو (چەند تیشکێک لە سەر دۆزە نێودەوڵەتییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراست) (14). یەکێ لەو بوارە زۆرانەی کە دکتۆر کەمال مەزهەر تێیاندا سەرکەوتووە، ئەوەیە کە هەر بابەتێکی لە بەشی مێژوو یا کۆلێجەکانی تری زانکۆی بەغدا دەگوتەوە، بەدواداچوونی تایبەتی خۆی تێدا دەکرد، وەکو مامۆستایانی دی پەنای نەدەبردە بەر کتێبی مەنهەجی و خۆ دووبارە کردنەوە. بۆیە دوای چەند ساڵێک لە گوتنەوەی ئەو بابەتانە دەبوونە بەرهەمی نایاب و پێشکەشی خوێنەرانی کورد و عەرەبی دەکرد. گوتار و لێکۆڵینەوە و کتێبەکانی لە مەر مێژووی ئەوروپا و ئێران و تورکیا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و نێوەراست بەرهەمی ئەو پرۆسەیە بوون. لە بواری مێژووی ئەوروپادا کتێبەکانی (ڕینەسانس) و (میکیاڤیللی ومیکیافیللیزم) ووتارەکانی لە مەر (ئەرکی رۆشنبیرانی کورد لە بەر رۆشنایی ئەزمونەکانی ڕینەسانس)(15) ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە. باسوخواسەکانی ڕینەسانس وئەزموونی پێشەنگەکانی (دانتی ، پیترارک، بۆکاشیۆ، ئیرازمۆس، تۆماس مۆر، داڤینشی، مایکڵ ئانجیلو، ڕەفائێل، لۆرێنزۆ ڤالا، میکیاڤیللی و شەکسپیر وسێرڤانتس و دەیانی دی باسگەلی نوێ بوون، لە دونیای ڕۆشنبیری کوردیدا. دووبارە دەبێ ئەوە بەیادی خوێنەران بێنینەوە کە ئێمە باس لە بیست سی ساڵ بەر لە ئەورۆ دەکەین. پێموایە نابێتە زێدەرۆیی گەر بڵێم ئەو بەرهەمانەی دکتۆر کەمال دەروازیەکیان لە بەردەم ڕۆشنبیرانی کوردا کردەوە. ئەو کتێبەشی کە لە سەر مێژووی نوێ وهاوچەرخی ئێران بوو بریتی بوو لە کۆمەڵێ توێژینەوەی زانستی لە مەر پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا، عیراق و ئێران لە نێوان سازانۆف وگرای، رەزا مازەندەرانی ودەرباری ئێران ، زانیاری لە سەر دەزگای ئاینی ئێران. وادەزانم لە هەموو ئەوانە گرنگتر بۆ دکتۆر کەمال ئەو بابەتەی کتێبەکە بوو کە لە ژێر ناونیشانی (فاکتەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران) کە چل لاپەرەی کتێبەکەی بۆ باس وخواسەکانی تەرخان کردبوو . دەتوانم بڵێم کە تاوەکو ئەو کاتە ئەوە باشترین باس بوو کە بە کوردی یا بە عەرەبی لە سەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە ئێران بڵاوکرابێتەوە. بەشێکیشی بۆ مێژووی خەباتی رزگاریخوازی ئازەربایجان لە ئێران تەرخان کردبوو (16).

بەپێچەوانەی لێکدانەوەی هەندێ کەسەوە کاربەدەستانی زانکۆی بەغدا وبەرپرسان لە کار وباری چاپەمەنی وبڵاوکردنەوە هەوڵی زۆریاندا بوو ئەوەی ئەو بەرهەمە لە سەر ئێران بڵاونەبێتەوە ، چونکە بە وتەی خویان لە خزمەتی (پلانی پێنج ساڵەدا نەبوو). لێ راستیەکەی ئەوە بوو کە وەکو هەموو بەرهەمەکانی تری دکتۆر کەمال لێرەشدا لە هەوڵی فاکتەکانی مێژوودا دابوو وگوێی بە قسە هەلەق وبەلەقەکانی وشەفرۆشان ومێژوونووسانی دەرباری سەدام نەدابوو، کە لە ژێر پەردەی درۆیەکی زلدا کە نێویان لێنابوو (سەر لەنوێ نووسینەوەی مێژوو) ، کەوتبوونە شێواندنی مێژوو و خەریکی رەگەز گۆرینی رابەرانی مێژوو بوون بە حەزرەتی ئادەمیشەوە وعەوداڵی هەواڵی دوژمنایەتی عەرەب وفارس بوون بەدرێژایی مێژوو. شۆڕشی ساڵی 1920 لە عێراق یەکێ لەو بابەتە مێژووییانەیە کە سەرەنجی دکتۆر کەمال مەزهەری راکێشاوە. گەلێ گوتار و لێکۆڵینەوەی بە عەرەبی و کوردی لە مەر ئەو رووداوە گرنگەی مێژووی عیراق بڵاوکردۆتەوە (17). (ڕۆڵی گەلی کورد لە شۆڕشی بیستدا)، یەکێ لەو کارانەی (دکتۆر کەمال)ە، کە لە لایەن هەندێ کەسەوە لێکدانەوەی جودای لەمەر نووسراوە. یەکێ لە خوێندنەوە نادروستەکان بۆ ئەم کتێبە ئەوەیە گوایە دکتۆر کەمال هەوڵیداوە، شۆڕشەکانی شێخ مەحموود بکاتە بەشێک لە شۆڕشی بیستی عیراقی و بەم کارەی خەسڵەتی ڕزگاریخوازانەی ئەو شۆڕشانەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەوێ کە تێزی دکتۆرای فەلسەفەکەی بۆ خەباتی رزگاریخوزای کورد لە باشوری کوردستان لە ساڵانی 1918–1932 و دکتۆرای ناوکەکەی بۆ هەمان خەبات لە ساڵانی 1918–1958 تەرخان کرددوە، بەسەریەکەوە زیاتر لە هەزار لاپەرن، شێخ مەحمود و شۆڕشەکانی بەشی شێریان لەو لێکۆڵینەوانەدا بەرکەوتووە، چۆن دێ ئەو هەموو زانیاری ولێکدانەوانەی خۆی لە مەر بزاڤی رژگاریخوازی کورد بە رابەرایەتی شێخ مەحموود دەخاتە ژێر پرسیار وگومانەوە ودەیکاتە بەشێک لە بزاڤی گەلێک یا وڵاتێک کە لە ساڵی 1920 هێشتا دروست نەکرا بوو.


ماویەتی

# شاماران: ئەفسانە و داستان و نەزیلە و چیرۆکی گوێ ئاگردان و پاڵەواننامە.

## مێژووی پێناسەی کولتوریی نەتەوە دێرینە ئاکنجییەکانن لە نیشتمان و کۆنەواری خۆیاندا!




ئەفسانەی کوردیی (شاماران/ شای ماران) لە سەردەمەکانی دێرینەوە بۆ نەتەوەی کورد ماوەتەوە، جێپێ و پەنجەمۆر و کاریگەریی خۆی لە کولتور و مێژووی یادەوەریی کورددا بەجێ هێشتووە. با گەلانی تریش بە فشە ئەم ئەفسانەیە بکەن بە هی خۆیان، بەڵام خۆشیان بڕوایان بە درۆکەی خۆیان نییە. وێنەی شاماران، کە سەری، سەری کچە و کلکیشی، سەری مارە، بە سەر تاقی دەرگا و پەنجەرە و دیواری ژووری کوردانی ئێزدییەوە، وەک چۆن لە زووەوە هەبووە و بە شێوەیەکی هونەری نەخشێندراوە، تا ئێستاش ئەو بایەخەی پێ ئەدرێ و ماوە. ئەم جۆرە ئەفسانانە لە ناو گەلە زۆر دێرینە خاوەن ئاینڕا کۆنەکانی بەر لە ئاینەکانی ئاسمانییدا، کە لە نیشتمانی بەربەرینی خۆیاندا ژیاون و ئەژین و خاوەنی زمانی ڕەسەن و دیالێکتی زۆری ناوچە بەناوچەی خۆیانن، سەرهەڵئەدەن و چەند هەزارساڵێکیان پێویستە تا بەو شێوەیە ئەڕسکێن و وەکو کولتورێکی ڕێزبۆدانراو بڕواپێهێنراو بە بایەخ پێدانەوە ئەکەونە سەر زاران. لەبەر ئەوەیە یۆنانییەکان، ڕۆمییەکان، سلاڤییەکان، ئەڵمان و فرەنسییەکان و ...، ئەفسانە هەمەڕەنگەکانی خۆیان بە فیلم و شانۆنامەی مەزن نیشان ئەدەن، ئەیانکەن بە کتێب و نامیلکە و لە هەڵبەست و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیان پێ ئەدەن و لە ڕوشتەی مێژووی ئەدەب و کولتوردا، لە خوێندنگە و زانستگە پەندیان لێ وەرئەگیرێت، دەرێسە ئەکرێن و ئەخوێندرێن. تورکەکان، کە داگیرکەرن و تەنیا هەزار ساڵێکە هاتوون و ئەو دەڤەرەیان لە کورد و ئەرمەن و یۆنانی و گەلانی تری ناوچەکە داگیر کردووە، زۆر شتی کولتوریی گەلانی ئەوێ و ئەفسانەی شامارانیشیان کردووە بە هی خۆیان؛ بۆ نموونە: بۆ ڕاکێشانی گەشتکار لە ناوەڕاستی شاری تەرسوسدا پەیکەریان بۆ شاماران داناوە، دەفری فەخفوری بە وێنەی ئەوەوە، نموونەی لە بۆرەک، بوکڵە، وێنە و پۆستکاردی شاماران لە بازاڕەکاندا ئەفرۆشرێن، بەسەرهاتی شاماران بە جۆرێکی تر بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ئەگێڕنەوە، سەرباری ئەوەش، لە کەوڕگێکیشدا پەیکەر و وێنەی شامارانیان داناوە بۆ خڵەتاندنی گەشتیاران، کە گوایە ئەو بەسەرهاتە لە شوێنێکی وادا ڕوویداوە. لای گەلانی دێرینی تریش، ئەفسانەی مار و مارمرۆڤ، لای سۆمەرییەکانیش ناوی (شمر) هاتووە، بەڵام بەسەرهاتی ئەو ئەفسانەیە لای هیچ گەلێک، وەک لای کورد، بەو شێوەیەی خۆی تا ئێستا نەماوەتەوە. لە ژووری زۆرێک لە کچان و ژنانی ئێزدی، وێنە و نەخشی چنراو یا پەیکەری لە تەختە هەڵکۆڵراوی شاماران دانراوە و بە دیواردا هەڵواسراوە. تان و پۆی گێڕانەوە هەمەڕەنگەکانی ئەفسانەی شاماران، کە لە ناو کورددا بە ژنە خواوەندی ژیری و نهێنیپارێز دێتە ئەژمار، لە تان و پۆدا هەر یەکە، با ناو و شوێن و ڕەنگ و پەراوێز و زیواریشیان جیاواز بێ. ناوی شاماران لە ناو کوردانی خوراساندا، ناوێکی کچانەی باوە، دێ و جێ و شوێنیش لە کوردستان هەن بەو ناوەوە؛ کارگەیەکی کەنەدایی بەدواداگەڕانی نەوتیش هەیە، ناوی (شاماران)ە. لە هەندێک شاری ئەوروپا چێشتخانەی گشتییش هەیە بەو ناوەوە. ئەفسانەکە بە گشتیی بەم شێوەیەیە: "کوڕێکی لاوی باڵابەرز و جوان، کە بە داربڕین بژیوی خۆی پەیدا ئەکرد، وەک هەر ڕۆژێکی تر چوو بە پێوکاری خۆیەوە، لە ڕێگا پێی خزا و کەوتە ناو چاڵێکەوە، هەموو هەوڵێکی بۆ هاتنە دەرەوە بێسوود بوو. ئەم لاوە بێوڵەتە ناوی تاماسپ* بوو. کوڕەی لاو لە کاتی هەوڵی هاتنەدەرەوەدا، کونێکی بە لاکەندی چاڵەکەوە بینی، ویستی بەو چەقۆ کۆنەی پێیبوو، دەمی کونەکە گەورە بکا و کە لێیەوە ڕوانیی، دەلاقەی ئەشکەوتێکی گەورە بوو، خۆی خزاندە ناویەوە و ئەوەندە ماندوو بوو، خەوی لێ کەوت. کاتێک چاوی کردەوە، هەزاران ماری بینی، چاویان بڕیبووە ئەم؛ تاماسپ کشایەوە دواوە و مارەکان هاتنە نزیکیەوە، ئیتر کە ئومێدی لەوە بڕیی بە زیندووەتی گیان دەربەرێ، چاوی نووقاند و لە ژێر لێوەوە کەوتە نزاکردن. دوای ماوەیەک کە چاوی کردەوە، ڕووی لە کچێکی جوان بوو، کە نیوەی لەشی مرۆڤ و نیوەکەی تری مار بوو. کچە پێی وت، خەمت نەبێ، ئازارت نادەم، من شای مارانم و ئێستا تۆ ماندووی، بۆ خۆت بنوو، بەیانی دێمەوە لات. بۆ بەیانییەکەی کە تاماسپ چاوی کردەوە، شامارانی بینی، ئیتر چاوی لێ نەترووکاند و شەیدای جوانییەکەی بوو، پێکەوە ناشتایان کرد. شامارانی ئاگادار لە هەموو داستانێکی دنیا، باسی ئافراندنی مرۆڤی بۆ تاماسپ ئەکرد و بیروەرییەکانی خۆی بۆ ئەگێڕایەوە و هەموو ڕۆژێک سەرنجی تاماسپی بۆ داستانێک ڕائەکێشا. دوای ماوەیەک، کە تاماسپ دڵی بە خەمی کەسوکاری تەنگ بوو و ئەیویست بڕوات، شاماران دڵی تێی چووبوو و نەیئەهێشت بڕوات، بەڵام کە تاماسپ سوور بوو لەسەر ڕۆیشتن، دوای ماوەیەک، کە تاماسپ دڵی بە خەمی کەسوکاری تەنگ بوو و ئەیویست بڕوات، شاماران دڵی تێی چووبوو



م. ئارام

بەڵام کە تاماسپ سوور بوو لەسەر ڕۆیشتن، ئیتر ئەمیش بەوە قایل بوو، بەو مەرجەی کە ئەو بەسەرهاتە لای کەس نەدرکێنێ و هیچ کاتێک لەبەر چاوی خەڵکی نەچێتە ناو ئاوەوە، چونکە ئەگەر پێستی لەشی ئاوی بەربکەوێت، وەکو مار کاژ ئەداتەوە و نهێنییەکەی لای خەڵکی ئاشکرا ئەبێ. ساڵانێک ڕابرد و تاماسپ ڕازەکەی لای کەس نەدرکاند، تا ئەو کاتەی بەوەی زانی، کە پاشای وڵات تووشی نەخۆشییەکی بێدەرمان بووە. وەزیری پاشا، خواردنی گۆشتی شامارانی بە تاکە ڕێی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکەی ئەزانی، وەزیر بەو کارە مەبەستی لە دۆزینەوەی شاماران و بەدەستهێنانی تێکڕای ڕازەکانی دنیا بوو، فەرمانی بە هەموو لاوان دا، هەرچی ئەستێڵێکی ئاو هەیە بە دوای شاماراندا بگەڕێن. کە نۆرەی تاماسپ هات، نیگەران بوو لەوەی ڕازەکەی بکەوێتە بەر چاوی ئەو خەڵکە، نەچووە ناو ئەستێڵەکەوە. بەڵام بە زۆر فڕێیاندایە ناویەوە. کاتێ فەرمانبەرانی دەوڵەت چاویان بە کاژدانەوەکەی پێستی تاماسپ کەوت، گرتیان و ئەشکەنجەیان دا، تا قسەیان لە تاماسپ دەرهێنا و شوێنی شامارانی پێ وتن. شامارانیان هێنایە کۆشک، شاماران دڵی شاماسپی شەرمەزاری بەوە دایەوە، کە ئەزانێ ئەویان بە زۆر هێناوەتە قسە. شاماران بە دەنگی بەرز وتی: "هەرکەسێک کلکی من بخوا، ئاگاداری هەموو ڕازەکانی دنیا ئەبێ، هەرکەسێک لەشم بخوا، دەردی لە کۆڵ ئەبێتەوە و هەرکەسێکیش سەرم بخوا دەستبەجێ ئەمرێ." وەزیری چڵێس کە ئەو قسانەی شامارانی بیست، فەرمانی دا شاماران بکەن بە سێ کەرتەوە و خۆی کلکەکەی خوارد و سەرەکەشی دا بە تاماسپ بیخوا، لەشەکەشی بۆ پاشا کرد بە کەباب. وەزیری چڵێس دەستنەجێ مرد، چونکە شاماران ڕاستیی نەوتبوو، پاشاش چاک بووەوە، تاماسپیش زانینی هەموو ڕازێکی پەنهانی پێ بڕا و بووە بژیشکیکی دانا و تێکڕای ناوی گژوگیای پزیشکیی پێ وترا". **ناوی لێکدراوی تاماسپ پێکهاتووە لە "تام+ ئەسپ". تام لە کوردیی کۆندا هەمان واتای tameی ئینگلیزیی هەیە، واتە "ڕام/ هۆگر". بەو پێیە تاماسپ، واتە "ئەسپی ڕام". عەرەبەکان ناوی تاماسپی کوردی بە طهماسب ئەنووسن. وەک چۆن حوشتر لای عەرەب بەنرخە، ئەسپیش لای کورد هەر وا بووە * .چ پەندێکی کۆمەڵایەتی لەم ئەفسانەیە وەرئەگیرێت، هەرکەسەو لەو ڕووەوە سەربەستە، چۆنی لێک ئەداتەوە *.لە گەورەدێی لالش، کە پەرستگا و ڕووگەی ئێزدییەکانە، بە دەرگای چوونە ناوەوە، وێنەی مارێک هەیە. * بۆ ئەم باسە سەیری چەند ڤیدیۆیەکم کردووە، ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی (ألجزیرة)م بە عەرەبی بینیوە سەبارەت بە شاری (تەرسوس)ی تورکیا و شامارانە دەستکردەکەی تورک، لە ئینتەرنێتدا هەرچییەک لە بارەی شامارانەوە نووسرابی، بە کوردیی باشوور و بە کرمانجی، بە عەرەبی و بە فارسی خوێندوومنەتەوە. تاکە کتێبێک لە بارەی شامارانەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراوە و ئامادە کراوە، زۆر حەزم ئەکرد لە بەر دەستمدا بووایە، کتێبی "شاماران در فرهنگ فولکلور کردستان" نویسندە: کمال رمضانی، کە دڵنیام کتێبێکی زۆر بەنرخ و پڕ لە زانیاریی کۆکراوەیە.

# لەوەتەی کورد بووە بە پێشەنگی ژنکوژی، میدیای کوردی ڕۆڵێکی خراپتریان، لەوانی پێشووتریان گێڕاوە...!

## میدیا وەکو بکوژی ژن!؟

ساکاترین پێشبینیی مرۆڤ بۆ میدیا ئەوەیە، بتوانێت ببێت بە دەنگی کپکراو و ڕەنگی بێ ڕەنگکراوەکان. ببێت بە نمایندەی ئەوانەی سێ دەسەڵاتەکەی دیکە، نادادپەروەریی بەرانبەر دەکەن. لە دنیادا میدیا بۆ ئەوە دروست دەبێت، پردێک لە نێوان هاوڵاتی و سێ دەسەڵاتەکەی دیکەدا دروست بکات، بە شێوەیەک سێ دەسەڵاتەکەی دیکە، سڵ لە دەنگ و دەربڕینەکانی بکەنەوە، بۆیەش ناوی نراوە دەسەڵاتی چوارەم. نوسەری بەریتانی تۆم ستۆپەرد، پێی وابوو ئەگەر ویستت جیهان بگۆڕیت، ڕۆژنامەنووسی کورترین ڕێگا و خێراترین چەکە. لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ، میدیای کوردی لە باشوردا ئەو ڕۆڵەی بینیووە، بەڵام بە ئاڕاستە پێچەوانەکە. تەنها ڕۆڵی سێبەری دەسەڵاتی وەکو ئامێرێکی دەنگدەرەوە، بۆ پڕۆگرام و ئامانج و شەڕەکانی حزب نەبووە، بەڵکو کورترین ڕێگا بووە، لە داروخانی کۆمەڵگەدا، خێراترین چەک بووە لەوەی زیاتر وەکو دەزگایەکی داپڵۆسێنەر، ڕۆڵ ببینیت بۆ بێدەنگکردن و نابوتکردنی ئەوانەی دەنگیان بەبێ دەنگراوەکان دەبەخشی لە پەرەدان بە دیاردە ناشیرینەکان، لە بەرهەم هێنانەوەی جینۆسایدی کولتووری کورددا.

لەوەتەیشی کورد بووە بە پێشەنگی ژنکوژی، میدیای کوردی ڕۆڵێکی خراپتریان لەوانی پێشووتریان گێڕاوە، بە ئاستێک زیاتر وەکو هاوبەشی بکوژ دەربکەون. شێوازی داڕشتنەوە و بڵاوکردنەوەیان، بۆ ئەم تاوانە قێزونە بە شێویەکە لەبری بنبڕکردن ببێت بە هاندەر. ئەم هەندانەش بە دەیان فۆرمی جیاواز ئەنجام دەدرێت، کە گوتارێک هەرگیز نە جێگەی ڕیزکردنی هەمووی و نە ڕاڤەکردنیان بە شێوەیەکی زانستی دەگرێتەوە. بۆیە ناچارم لەم گوتارە کورتەدا تەنها کێشەکان ڕیزبکەم.

یەکەم: میدیای جیهان وێنە، ناو، تەمەن و زانیاریی تەواو، لە سەر هەموو تاوانبارێک بە وێنەی تاوانبارەوە بڵاو دەکاتەوە. میدیای کوردی هێندە لە خەمی ناوبانگی تاوانباردایە، ناوەکە بە پیتی خوازراو بڵاودەکاتەوە، نەک وێنەی بڵاوناکاتەوە بەڵکو ئەو تاوانبارە کوردانەش، کە لە دەرەوەی کوردستان تاوانیان کردووە، میدیای جیهان وێنەکانیان بڵاودەکاتەوە و میدیای کوردی وێنەکەی بڵاوناکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا زۆر جار ناوی تەواوی دایکی کوژراو بڵاودەکەنەوە، تەنانەت من ئەو دۆخەشم بینیووە، کە دایکێک بۆ کوشتنی کچەکەی دۆخی زۆر خراپ نەبووە، چەندین میدیا و میدیاکاری لێ ئاڵابوو، بە شێوەیەک وێنایان دەکرد وەکو ئەوەی ئەو بکوژەکە بێت، گوایە پێی خۆشە کچەکەی کوژراوە، بە دەموچاویدا دیارە زۆر خەمبار نیە. لە کاتێکدا چەندین نێری خێزانەکە دەستیان لە کوشتنەکەدا هەبووە، نەکەس ناوی بیستوون و نە مێدیایەکیش چووە بەردەمی تاوانبارێک.

دووەم: ژنی کورد لە دەیان بواردا پێشەنگە، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، کار و هەڵوێست و چالاکی ئەم ژنانە میدیای بێگانە بە سەری دەکاتەوە، بەڵام میدیای کوردی پەردەپۆشیان دەکات، چونکە مەبەستیان هەڵوەشاندنەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردییە، بە دەنگێکی گشتگیر بڕیانداوە نموونە باشەکان بشارنەوە و بە هیچ شێوەیەک ڕوناکی نەخەنە سەر، ئەوەندەشی پێیان دەکرێت بیانشکێنن، لە هەمان کاتدا بە وردی بۆ ژنێکی کورد دەگەڕین، کە کێشە یان هەڵچوونێکی




دەروونی هەبێت، یان لە ڕۆژئاوادا گەورە بووبێت بە هۆی نەشارەزایی کولتوورییەوە، وشەیەک دەربارەی سێکس یان پەیوەندی خۆی بدرکێنێت، بۆ ئەوەی بە مانگ بکرێت بە تایتڵی سەرەوەی ماڵپەڕ و بڵاوکراوەکانیان. لە چ کونجێکی جیهان و چ مۆراڵ و یاسایەکدا ڕێگەی بەوەداوە ئەو مرۆڤەی بچوکترین نائارامیی دەروونیی هەیە، هەڵسوکەوت و قسەیان بکرێت بە هۆکاری بازاڕگەرمیی میدیا. سەبارەت بە شەڕەڤانانی ژنیش ئاشکرایە میدیایەکی مردووە.


سێهەم: میدیای کوردی ئەوەندەی لە سەر هونەرمەند و سەماکەری تورک و عەرەب و فارس نوسیووە (دیارە زیاتر لە سەر کارە ناجۆرەکانیان و ئەگەر پۆشاکی ڕوتیان پۆشیبێت، چونکە چاو لە بری عەقڵ و مۆراڵ و هەستی نیشتمانیش کار دەکات)، بیرمان چووە خۆشمان هونەرمەند و نوسەر و مرۆڤی بە ناوبانگمان هەبوون و هەن. بۆ ئەوەی بمانەوێت دەربارەی کوردێک ببیستین، پێویستە چاوەڕوان بین، هەتا ئەندام حزبیەک کارێک دەکات، ئەگەر لای حزب خۆشەویست بوو، ئەوە کارەکانی دەبێت بە هەواڵ، لەمانە دەرچێت میدیای کوردی ئێشگری ئنستگرامە بۆ ئەوەی، هەرکە ژنێکی ڕۆژهەڵاتی بە کراسێکی هەندێک ڕووتەوە دەرکەوت، هەواڵی کراسەکەی یان دۆستەکەی بڵاوبکاتەوە. (دیارە من لێرەدا کێشەم لەگەڵ جۆری پۆشاکی ڕووت و داپۆشراوی هیچ کەسێک نیە، ئەوە هەڵبژاردەی کەسییە، بەڵکو دژی هزر و تێفکرینی میدیاییم لە کوێدا لەنگەری گرتووە.

چوارەم: ئەو میدیایانەی کورد پێیان دەڵێت ئازاد، بە گوڕدەری هێز و کولتووری حزب و کولتووری ناتەواوی هۆزگرین، ئەوانەی بە باشترین ناسراوە لای کورد، لە لایەک نەیانتوانیووە بچووکترین کاریگەرییان، لە سەر ئەو دۆزەخەی بۆ ژن دروست بووە هەبێت. لە لایەکی دی، لە ناو کوردستاندا ژنێک نیە نێرە سیاسیەک دژایەتی کردبێت و ئەم میدیا خۆیان گوتەنی (نوخبەوی و ئازادانە) تۆڵەیان بۆ سیاسیەک لەو ژنە نەکردبێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم میدیایانە چونکە بانگەشەی دژە هۆزگەری زۆر دەکەن، ئەوانیش وەکو میدیا نمایندەگەرەکانی حزبەکان، بەڵام هەندێک هۆزگرانەتر، تەنها هەواڵی ژنانی خێزانەکەی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، نەک ژنانی دی.

بڕوانە 6

# دیداره ڕۆژنامەوانیەکان لەگەڵ بکوژدا، بە شێوەیەک ئەنجام دەدرێت، لە بری تاوانبار، دەیانکەن بە پاڵەوان.

تەنانەت گەر دەربارەی ژنێکی دەرەوەی خێزانی خۆیان لێیان بپرسیت، دەڵێن ئێمە ڕۆژنامەیەکی سیاسین دەربارەی هەواڵی چالاکی و کاری ژن بڵاو ناکەینەوە. تا ئەم خاڵە بۆچوونی میدیایی کورد ڕاستەخۆ لە دوو خاڵدا کۆدەبێتەوە و هەردوکیشی هاندەری کوشتنی ژنن.
ئەوانیش: کورد یەک جۆر ژنی هەیە ئەوانیش یان نمایشی پۆشاک دەکەن، یان باسی سێکس و پەیوەندیی کەسیی خۆیان. بۆ ئەوەی پیاوان هەرکە لە ماڵەکەیدا ژنێکی بینی پێکەنی لای خۆییەوە بڵێت دەبێت بە یەکێک لەوانەی لە میدیادا بینیویەتی، یان لە فیلمە تورکیەکاندا بە کوردی پیشانیدراوە. ڕاستەخۆ پشتگیری بکوژ دەکەن.
چوارەم: دیداره ڕۆژنامەوانیەکان لەگەڵ بکوژدا، بە شێویەک ئەنجام دەدرێت، کە لە بری تاوانبار، دەیانکات بە پاڵەوان. نموونەیەک لە دیداری تاوانبارێک، کە ژن ئەنجانمیداوە:
ڕۆژنامەنووس: پەشیمانیت لە تاوانەکەت؟
تاوانبار: نا، ئێستاش جارێکی دیکە زیندوو بنەوە، دەیانکوژمەوە. ڕۆژنامەنووسکە لێرەوە پرسیارەکە بە جێ دەهێڵێت، دەڕواتە کوچەیەکی ئێجگار دوورتر. لە کاتێکدا ئەم تاوانبارە بەر لەم پرسیارە گوتوویەتی خۆشەیستیم کردووە و بەر لەوەش زیندانی بکرێم کچێکم خۆشدەویست، من کەسێکی خراپ نیم. واتە لە بەر ئەوەی خۆشەویستی کردووە کەسێکی خراپ نیە. ئەگەر سەیری بۆشایی نێوان وەڵامی ئەم پرسیارە و ئاکاری خودی تاوانبار بکەیت، ڕۆژنامەنووس هەلێکی باشی بۆ ڕەخساوە لەو بۆشایەدا کار بکات، پرسیار بکات، بە شێوەیەک پرسیارەکانی ئاڕاستە بکات، لەلایەک بۆ خۆی و ئەو کۆمەڵەیەش، کە ئەم جۆرە بە پیاوی مەرد و پاڵەوان و چاونەترس هەژمار دەکەن، چونکە بەو جۆرە قسەی کردووە، دەریبخات کە لە ڕووی مۆراڵی و کولتوورییەوە جۆرە مرۆڤێکە نابووتی و نەنگییە بۆ نیشتمان و کۆمەڵگەکەی.
سەیر دەبێت بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤدۆست، کە ژنی کورد پێی وابێت ژن کوشتن ئاساییە، بەڵام لە خەمی هاوکاریی باری دەروونیی بکوژدا بێت. ئەم میدیایانە نەک هەر نوێنەری حزبن، بەڵکو نوێنەری لێپسراوێکی تایبەتیشن لە ناو حزبەکاندا، واتە هەموومان دەزانین لێپسراوی پشتی هەر میدیایەک کێیە، بەم شێوەیەش میدیاکە بە هەموو ئاکارەکانیەوە بەشێکە لە کەسیەتی و ڕەفتاری ئەو لێپرسراوە، ئەوەی ئەوان دەیکەنە خواست، کەسیەتی، هزر و دیدەبینی ئەو لێپرسراوەیە، نەک تەنها میدیاکارەکە. ئەوەیشی لە کوردستاندا ڕووودەدات، لەم بابەتەدا مەبەستم کوشتنی ژنانە، دیسان داخوازیی حکومەت و حزب و دەسەڵاتە.



بەر لە بەکولتوورکردنی ژنکوژی، دەسەڵاتدرانی باشور هەموو پرەنسیپ و مۆراڵ و ویژدان و کولتوریان لە ناو کورددا بنبڕکرد. ئاستی میدیاکان دەردەخات بۆچی ئەمەیانکرد. ئەوەندە بەسە بڵێن ئەم دەسەڵاتدارانە چۆن میدیای بینراو بەکار دەهێنن، هەر ژنێکیان بەردەست نەکەوت، ڤیدیۆیەکی سێکسی بۆ دروست دەکەن.
هەتا ئێستا مامەڵەیان لەگەڵ ئۆپۆزسیون و تۆڵەی گرفتە کەسییەکانیان، بە فۆتۆشۆپکردنی ڤیدیۆی سێکسی بۆ ژنێکی خێزانی بەرانبەر کۆتایی پێ دێنن، کە هێشتا مرۆڤی شاخی بوون، هێشتا گەندەڵکارانی تەکنەلۆژیا پێنەگەشتبوون، هەرچی ژنێکیان بەردەست نەکەوتایە، بە سەدان هەزار دۆلاریان بە خەڵکانێک دەبەخشی ئەم کارەیان بە شێوەی زارەکی بۆ دەکردن. واتە ژمارەیەکی زۆر لەو کەڵە پیاو و ژنانەی باشور، هەموو چینێکی تێدایە، شۆڕشگێڕ، بیرمەند، ڕۆشنبیر، هونەرمەند، نوسەر، مامۆستای زانکۆ و پەروەدکار، ..هتد. کار و بنەمای دروستبوونی کەسیەتی و کار و سەرمایەیان، لە ڕێگەی دروستکردنی ڤیدیۆی سێکسی و زارەکی بووە، بۆ ژنانێک دژی خواستی حزبەکانیان وەستاون، یان پیاوی خێزانەکانیان دژیان دەوەستان.
ئایا کەسانێک لە ڕووی مۆراڵی و دەروونییەوە، تا ئەوئاستە داڕوخاوبێت، چاوەڕوانی هیچی باشتری لێدەکرێت، لەوە زیاتر کە کۆمەڵگەی مەڕ، هیپۆکراسی و داڕوخاو دروست بێت، بەڵام تەنانەت مەڕیش پێویستی بە شوانە، بۆیە ئەم دیاردانە بەلای ئەوانەوە، پێویستە بنبڕ نەکرێت، خەڵک وردە وردە دەست بکات بە کوشتنی یەکتری. لەنێو دۆخ و خواستێکی لەو جۆرەدا، کوشتنی ژن تەنها وا ئاسایی ناکرێتەوە، بەڵکو بەو شێوەی باسم کرد، لە میدیای پیاوانی حزبەوە هانیش دەدرێت. بۆ ئەوەی ڕێژەی کوشتن زۆر بێت، ماوەیەکی دی دزەکانی خۆیان دەنێرنە سەر ماڵەکانتان و زۆرترینتان بە ناوی دزی ئەکوژرێن، گروپی مافیاتان بۆ دروست ئەکەن و لەسەر شەقامەکان ئەکوژرێن، دزی منداڵنتان بۆ دروست ئەکەن و مناڵەکانتان لە سەر شەقامەکان و قوتابخانەکاندا ئەدزرێن و ئەندامەکانی لەشیان دەفرۆشرێن. تەنها ژن ناکوژرێت، هەمووتان ئێستا بە شێوازی هێمایی کوژراون، پەسەندکردنی ژنکوژی بەم جۆرەی ئێستە، مردنە ڕاستەوخۆکە و ئەو دیاردانەی دیشتان، بۆ دەکات بە نۆرم.

# درود و سەربەرزی بۆ قەڵەمی بوێر و ئازا دڵشاد مەریوانی و هەموو ئەو شەهیدانەی لەگەڵ ڕاستیدا ژیان.... خۆشناو مەریوانی






کاک موحەمەد جەزا بەرزنجی هاوڕێم، لەئاکامی نوسراوێکی یادەوری دوو شەهیدی جوانە مەرگ( دلشاد مەریوانی و ئەکرەمی حەپسە)دا، لەیەکێ لە ڕۆژنامەکانی کوردستانی باشوردا، لە ساڵی ٢٠٠٦ ی مانگی ئاب بوو بڵاومکردبۆوە.

بەڕێزی نامەیەکی بۆ ناردم. کەیفم پێدێ لەم مانگەدا، جارێکی دی بڵاوی بکەمەوە.

ئازیزم کاک خۆشناو،

دەستاکانت دەگوشم سڵاوت لێبێت، کاتێک دوو شەهیدی جوانە مەرگ( دلشاد مەریوانی و ئەکرەمی حەپسەم) خوێندەوە، هێندەی چێژی تو بۆ یادەوەریە شیرینە تاڵەکان چێژم لە نوسینەکەت وەرگرت ، هێندەی سەفەری هەناسە قوڵەکانت بە ڕۆخی هەژانی دەم کارەساتە هەست بزوێنەکانا سەفەری لەناکاویشت بۆ منیش و چەندەهای تریش ڕێکخست، بە کوچەو کۆڵانی ژیانێکی پڕ تراژیدیای ڕوداوەکاندا. دەمەوێ مشتێ لە خەرواریَ .. گوڵێ لە گوڵزارێ.. زیاد بکەم، لە گێڕانەوەیەکی بەشێک لەو ڕاستیانە.

برام کاک خۆشناو پێدەچێت یەکتر بناسین، وەلێ ڕوداوەکانی ڕۆژگاری زاڵم سەدان و هەزاران ڕێبەست و سنوری لە نێوان خەڵکانی شارێکدا سازاند، تا ئەوەی چەندین کەسان یەکتر نەبینن یان نەبیننەوە برات موحەمەد جەزا بەرزنجی جاران زیاتر بە جەزا حسین دەناسرام. بە هەر حاڵ ئەوەی مەبەستە ئەو زانیاریەیە لە لامە و لە نامیلکەیەکیشمدا بە ناوی(ڕایەڵە) لە ئەوروپا ئاماژەم پێداوە. ڕۆژی 20–3–1989 کاتی عەسر لە لایەن خاڵمەوە یادی بەخێر نێردرا بە دوامدا، ئەو دەم خاڵم( شێخ موحەمەد شێخ رەشید)، لە ( طب العدلی) سلێمانی بوو ، کە چووم لە ڕوخساریدا پەشۆکاویم بە دی کرد، زانیم هەواڵێکی پێیە و کاریشی تێکردوە، گوتی (دڵشاد موحەمەد ئەمین) کێیە..؟ جا بەهۆی ئەوەی چەند جارێکی تر، لەو جۆرە هەواڵانەی دابومێ، کە لە سنوری کارەکەیدا دەیزانی، داوای شێوە و ڕوخساریم لێکرد، گوتی باڵابەرزێکی زەعیف، ڕیشی زۆر بووە (دیارە ریشەکە تایبەت بەو دەمەی بەندیخانە بووە)، وەسفی جلەکانی کرد بیرم نەماوە، بە پێی هەموو وەسفەکان شەهێد دڵشاد بوو، لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت..( ئەمن) ئەمڕۆ لاشەکەی هێناوە بۆ مەیتخانە، ئاساری تەعزیبی زۆر پێوە دیار بوو، بە فیشەک لەسەری درابوو، داوایان لێکردم وەفاتنامەی بۆ بکەم، کە بە سکتەی دڵ مردووە و مردنەکەی ئاسایی بووە، چەندین بڕگەی یاساییم بۆ هێنانەوە، نەیان بیست کەوتنە هەرەشە کردن، ناچار پێم گوتن ئەم کارە لەدەست بەڕێوەبەری (طب العدل) یە، ئەو دەم (دکتۆر عبدالرحمان الريس) بەڕێوەبەری ئەو بەشە بوو، بە تەلەفون بانگهێشتیان کرد، ئەویش نەچووە ژێر کارەکە و بە قسەی نەکردن، پاش چەند کاژێرێک، خۆیان پەیوەندیان لەگەڵ گروپی شارەوانی کرد، هاتن لاشەکەیان برد بۆ ناشتن، کە گەڕامەوە ماڵ عەسر بوو، واتە ئێوارەی نەورۆز ماڵم لە توی مەلیک بوو، لە ڕێگا هوشیار بەرزنجی برام و سەلام فەرەجم.

بینی، پێم وایە خۆشت بیناسی، هەواڵی شەهید بوونی دڵشاد مەریوانیم پێ گوتن، مانگی شەشی 1989 کاتێک خۆم گیرام لەگەڵ شەهید مامۆستا ئەحمەد لە ژورێکدا بووین، بە ڕێکەوت باسی شەهید مەریوانی کرد، گوتی لەم ژورەدا پێکەوە بووین، زوو زوو بانگ دەکرا بۆ تەحقیق.. بەڕاستی نێر بوو.. هەموو جارێک کە دەیان هێنایەوە، دەیگوت هیچ نیە بەر دەبم، جارێکیان ملازم عەلی ئەمن هاتە بەر شیشبەندی ئەم ژورە زۆر مناقەشەی لەگەڵ کرد، دواجار، ملازم عەلی پێی گوت تۆ دەبێت بەم دەستانەی من بکوژرێیت.. ئەم قسانەی بەخەیاڵدا نەدەهات و گوێی پێ نەدەدان.. تا ڕۆژێکیان بردیان بۆ تەحقیق کە هێنایانەوە زۆر بێ تاقەت بوو، لێم پرسی چیە ئەمجارە بۆ بێ تاقەتی، گوتبوی مامۆستا ئەحمەد: من تازە حسابم ڕۆی، چەند وەختە نەیان توانیووە سودم لێببینن و بەڵگەی تەواوم لەسەر بگرن، بەڵام ئەمڕۆ ئەو نامەیەی بە دەستی خۆم بۆ دەرەوەم نوسیووە و ئەو کەسەی داومەتێ بوونە بەڵگە بەسەرمەوە. پاشان دوای هەفتەیەک هاتنەوە بە دوایدا بۆ تەحقیق، ئیتر تا ئێستا نەیانهێناوەتەوە، نازانم لە ئینفیرادیە یا بردویانە بۆ بەغدا، گوتم مامۆستا هیچیان نیە مەریوانی شەهید کراوە، چیرۆکەکەم بۆ گێرایەوە، شەهید دڵشاد بە مانگێک پێش گرتنەکەی لەبەردەم باخی گشتیدا بینیم، پێی گوتم حەزدەکەم گەر کاتت هەبێ لە شوێنێ کەمێک دانیشین بەیەکەوە، ئەو یانەی فەرمانبەرانی هەڵبژارد، داوای لێبوردنم لێکرد!! ، هەر لەوێدا کافیەکەی ئوتێل سلێمانیمان هەڵبژارد کە بەوبەرمانەوە بوو، لەوێ پێی گوتم نامیلکەیەکم دێویت لە شێوەی مەلزەمەدا بەناوی( کرێکار و بەرهەم لە کەرتی تایبەتیدا)، شتێکی نایابە و دەستخۆشی لێکردم کە شتێکی دانسقەیە لەم کاتەداو بەم شێوەیەتا ئێستا نەکراوە، دراسەیەکی مەیدانی و تیوری بوو، پاشان باسی خەج و سیامەندەکەی خۆی بۆ کردم، کە تەواوی کردوە و هەوڵیداوە زانست لە نێو داستانەکادا بدۆزێتەوە، لەوانە حسابکردنی کەژەکان و چۆنیەتی وەرزەکان، باسەکەی هێندە پەسەند و بەتام بوو تەواو گوێم بۆ شل کرد بوو، کاتێکمان زانی شەوێکی درەنگە، من بۆخۆم ئەو بەرهەمەم نەدی چاپ بکرێت ئیتر نازانم چاپ بووە یان نەء، بۆخۆشی ئەوە یەکێک بوو لە بەزانستکردنی بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە مێژودا.

بەو هیوایەم توانیبێتم هاوکاریەکی یادەوەرییە پیرۆزەکەت بکەم. درود و سەربەرزی بۆ هەموو ئەو شەهیدانەی لەگەڵ ڕاستیدا ژیان.

موحەمەد جەزا بەرزنجی

هۆڵەندە

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



### بژار جەلال حەمدی

لە ساڵی 1956 لە شاری سلێمانی، باشوری کوردستان لە دایکبووی بووە، هەر لە وڵات بەکالۆریوسی لە کۆلێجی کشتوکاڵدا وەرگرتووە.

لە ڕشتەی باخداریدا لە زانکۆی ڕۆتەردام بڕوانامەی ماجستێری لە ساڵی 2007 دا وەرگرتووە. یەکەم پێشەنگای لە ساڵی 2003 دا لە شاری لایدن کردۆتەوە.

ساڵی 2004لەگەڵ هونەرمەندێکی دیکەدا پێسەنگای دووەهەمی لە شاری ڕۆتەردام کردۆتەوە.

ساڵی 2009–2010 بەشداری پێشەنگای شێوەکاری نێودەوڵەتی لە شارەوانی زێڤنئاڕ کردووە، کە لە لایەن کۆمەڵەی کوردی مۆریندایکەوە ڕێکخرا بوو.

پێشەنگایەکی لە ساڵی 2012 دا لە شارۆچکەی ڕایزڤایک کردۆتەوە لە زانکۆی لاهای.

ساڵی 2013 پێشەنگای تایبەتی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە.

ساڵی 2016 لەگەلەریBotanische tuin kralingen– Rotterdam پێشەنگای تایبەتی کردۆتەوە، هەروەها ساڵی 2017 پێشەنگای تایبەتی لە گەلەری Kunstroute Gemeente Zevenaar کردۆتەوە. بەهێز)دا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/bizhar.hamdi/photos_albums







تـــاراوگـــە

بلاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بلاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807